بۆ بەڕێزان......

- سەرۆكایەتی  هەرێمی كوردستان.
- سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.
- سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان.
- حزب و لایەنە سیاسیە كانی كوردستان.
- ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی.

## بابەت/ یاداشت

ئێمە جوتیارانی (30) گوندی دەوروبەری سنووری شارەوانی هەولێر نارەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە یاسای ژمارە (5) لە (2007/4/16) كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە سەبارەت بە كوژاندنەوەو جیاكردنەوەی زەویە كشتوكاڵیەكان بۆ بەرژەوەندی شارەوانیەكان، لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی فراوان بوونی سنوری شارەوانی هەولێر و شارەكانی تریش دەكەین، بەڵام یاسای دەرچوو ژمارەیەكی زۆر لە جوتیاران و كشتیارەكان (متفرغ زراعیەكان) كە هەموویان بە یاساكانی كشتوكاڵی زەویان وەرگرتووە گریَ بەستی یاساییان هەیە لە ماوەی ڕابردوو بەكاریان هێناوە،كەچی ئەو یاسایە بیَ بەشیان دەكات لە مافی قەرەبوو كردنەوە بۆیە ڕووی داوامان دەكەینە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان كە چاوێك بەو یاسایە دا بخشێنێتەوە تاوەكو ئەو جوتیارانەش بگرێتەوە و بیَ بەش نەكرێن لە مافی قەرەبوو كردنەوە كە بە پێی ئەو یاسا بیَ بەش كراون، داواكاریشین لە پێش دەرچواندنی هەر یاسایەكی لە و شێوە راوێژ بە لایەنە پەیوەندی دارەكان بكرێت و ڕوون كردنەوەی پێویستی لە بارەیەوە بدرێت تاكو یاساكە لە خزمەتی هەموو لایەك دابێت، بۆیە داوا دەكەین لە دارشتنەوەی یاسای ژمارە (90) ساڵی 1975 كە تایبەتە بە خاوەنداریەتی زەوی كشتوكاڵی لە كوردستان و یاسای 117 ساڵی 1970 كەلە هەندیَ شوێنی دابڕاو لە هەرێمی كوردستان كە تاكو ئێستاش كاری پێدەكرێت وەك سنووری قەزای ئاكریَ و دەوروبەری ئەم چەند داخوازییانەی جووتیاران لەبەر چاو بگیرێت:

1- هەموو ئەو زەوییانەی بە پیَی یاسای ژمارە (90) ساڵی 1975 وە یاسای (117) ی ساڵی 1970 كە بە شێوەی گرێبەست دراوە بە جووتیاران (تەملیك) بكرێت.

2- ئەو زەوییانەی بە پیَی بریاری (350) ساڵی 1985 وە بریاری (122) ساڵی 1986 كە تایبەتە بە كشتیارانی كشتوكاڵی ( متفرغ زراعی) بە هەمان شێوە (تەملیك) بكرێت كە پێشتر بریاری (732) ساڵی 1980 دوای پێنج ساڵ لە وەرگرتنی زەویەكە (تەملیك) كرا.

3- قەرەبووی جووتیاران و كشتیارانی كشتوكالی (متفرغ زراعی) بكرێتەوە كە پرۆژەی وەبەرهێنانیان لەسەر زەویەكانینان كردووە وەك بیری ئێرتوازی و كێڵگەی پەلەوەری (دواجن) رەز و باخ، هتد....... بە بیَ مەرج لە ڕێگەی لیژنەی هاوبەش كە نوێنەری یەكێتی جووتیاران و كەسانی شارەزا لە بواری كشتوكالی و یاساكانی كشتوكالی تێدا بێت.

هیوادارین كە داخوازیەكانمان لەبەر چاو بگیرێت و بۆ بەرژەوەندی جووتیاران

یەكێتی گشتی جوتیارانی
كوردستان
لقی هەولێر
2007/5/24